# کولتوری خێڵ و حیکایەتی تازەگەری

نیهاد جامی

(1)

تازەگەری تاچەند سیما کولتوریی و کۆمەڵایەتیەکانمان لێ دەسەنێتەوە و بەکولتورێکی تر ئاشنامان دەکات؟ ئایا تازەگەری بۆ ئەوە دێت تا ژیانمان بشێوێنێت یان لەپێناو پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیە؟

ئە کاتەی لەسەر تازەگەری دەوەستین پێویستمان بەوەیە ئەو ڕاستیەمان بیر نەچێت کە ئێمە کۆمەڵگایەکی تازەگەر نین، بەڵکو ڕۆحی دژایەتیکردنی تازەگەریی لەناوماندا زۆر چالاکانە کار دەکات، ئەو ڕۆحی دژایەتیکردنە لەناو دیاردەکانی تازەگەرییەوە بەکار دێنینەوە، دیاردەکانی تازەگەری دەخەینە خزمەتی ڕۆح و عەقڵیەتی خێڵەکیمانەوە، ئەگەرچی لەو کاتەدا زۆربەی قسەکان دەکەون لەسەر تازەگەری، بەلأم دەبێ ئەوە بەهەند وەربگرین کەئەوەی ئێمە قسەی لەبارەوە دەکەین تازەگەری کوردیە نەوەك تازەگەریی خۆی، هەر خوێندنەوە و دەرەنجامێکیش لەو نێوەندە بخرێتە ڕوو ، ئەوە پە یوەندیی بە خوێندنەوەی واقیعی کوردیەوە هەیە، بۆیە کاتێ قسە لە مۆبایل دەکەینە وەك دیاردەیەکی تازەگەریی کە چۆن وەزیفەکەی لەپەیوەندیەوە دەگۆڕین بۆ تۆڵەکردنەوەو ئەتککردنی ئەو وێنە ئەخلاقیەی کە ناونراوە (شەرەفی خێزان).

ئەو کاتەی لەگەڵ خۆشەویستەکەمان سێکس دەکەین، لەڕێگەی مۆبایلەوە وێنەی تەواویی کارە سێکسیە کە دەگرین و لەڕێگەی بلۆتۆی مۆبایلەکەمانەوە ئەو وێنەیە بلأو دەکەینەوە، کارێکە ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەبێت کارەساتی کۆمەڵایەتی خەتەرناکی لێدەکەوێتەوە بۆیە بۆ خوێندنەوەی ئەو دیاردەیەش کە تێکەڵەیەکە لەنێوان تازەگەریی و عەقڵی خێڵەکی هەوڵ دەدەین لەڕێگەی خوێندنەوەی چەندین چەمکی وەك (شار، حیکایەت، تازەگەری، عەشق) دیاردەکە بخوێنینەوە.

پێویستمان بەوەیە بەر لەوەی هەر قسەیەك بکەین دەبێ لەو زەمینەو دۆخە قسە بکەین کە عەشق لە کوێوە بەرەو ئێرە هاتووە؟ عەشق خۆی چییە و کارەکتەری عاشق کێیە؟ ئەوەش لەڕێگەی میتۆدیی سیمیۆلۆژیەوە بۆ عەشق، بەتایبەت لە شاردا کە چۆن شار حیکایەتی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە ئەوەی ڕۆژانە ڕوو دەدات و تراژیدیای کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە بەرەنجامی حیکایەتی تازەگەریە کە شار خوڵقێنەریەتی، بەتایبەت کە شار بە یەکێك لەبنەما سەرەکیەکانی تازەگەر ی دادەنرێت، ئەگەرچی ئەوەی ئێمە هەمان بێت شار نەبێت بە مانا تازەگەریەکەی، بەلأم خاڵی نیە لەدیاردە و دۆخەکانی تازەگەری لە شاردا، دواتر پێویستە ئەو پرسیارە بکەین: ئایا ئەوەی ڕوودەدات کولتوری تازەگەرییە کە کولتورێکی نامۆی ناو کۆمەڵگای کوردیە؟ یا بەرهەمی کولتوری خێڵە و لەناو ڕۆحی کوردیەوە هاتۆتە دەرەوە و بە مۆبایل وەك پەیوەندیەکی نوێی عەشق و دیاردەی تازەگەری موتوربە کراوە.

(2)

نەبوونی بابەتی تیۆریی لەسەر عەشق، مانای هەوڵ نەدانە بۆ خوێندنەوەی عەشق وەکو ئەزمون و پەیوەندیی، ئەو کاتەی عەشق بکەینە بابەتێك بۆ لێکۆڵینەوە، پێویستمان بە تەئویل کردنەوەی

ماناکانی عەشق و چۆنیەتی پرسیارکردنەوەیە لەماناکان، بەوەی لەکۆمەڵگای ئێمەدا ماناکان چۆن گۆڕانیان بەسەردا دێت، ناکرێ بکەوینە ستایشکردنی عەشقەوە، وەك چۆن ڕەوانیە دەمارگرژیەتی لەشکست بمانباتە سەر سەرزەنشت کردنی، بەڵکو هەوڵی ناسینی بدەین، بەوەی چۆن سەیری عاشق بکەین؟ عاشق کێیە؟

پرسیارکردن لەعاشق پرسیارکردنە لە خودێك کەدەیەوێ لەڕێگەی ئەزمونی خۆشەویستیەوە بگات بە ئەویتری دۆست، ئەو ئەزمون و پەیوەندیە لەڕووی زمانەوانی و ئاماژەناسیەوە هەڵگری کۆمەڵێك دەلالەتە، کەتەئویل کردنەوەی توانای ئەوەی هەیە مانا بۆ عەشق بەرهەم بێنێتەوە، بۆیە قسەکردن لەعەشق لەڕێگەی سیمیۆلۆژیا (ئاماژە ناسی) ەوە دەتوانێ ئاستەکانی عەشقی کوردی و ناسینی کارەکتەری عاشق و پەیوەندیەکانی عاشق لەڕێگەی نامە گۆڕینەوە و ئیمێل و مۆبایل وەك ئاماژەی ناو ئەو پەیوەندیە بناسین، کە ئەوەش بەیەکێك لە ئاراستەکانی عەشق سەیر دەکەینەوە.

ئەوکاتەی لەناو کولتوری کوردیەوە سەیری عەشق بکەین، دەبێت دوو چەمك بەهەند وەربگرین ئەوانیش (سەرکوتکرن/ڕزگاربوون) ە، چونکە خودی کوردیی خودێکە لەماڵەوە هەموو ئارەزوەکانی لێ زەوت دەکرێت، فەردانیەتی بەتەواوەتی دەسڕدرێتەوە، مانایەك نیە لەناو خێزاندا بەبوونی ببەخشرێت، بۆیە عەشق بۆ ئەو دەروازەیەکە بۆ ڕزگاربوون لە سیستمی کۆنترۆڵ کراو بەوەی لەو ڕێگەیەوە دەتوانێ خۆی بناسێت، ئەوەش بەر لەوەی ناسینێکی جەستەیی بێت.. پرۆسەیەکی ڕۆحیە، رۆح هەوڵ دەدات لەو ڕێگەیەوە هەست بە چێژی خۆشنودی بکات، ئەو کاتانەی خود بەرەو عەشق دەچێت بەمانای بەرەو دنیایەکی تر هەنگاو دەنێت کە هەر ڕزگار بوونی نیە لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی خێزان، بەڵکو لەپاڵ ئەوە کۆتایی هاتنە بە گوتاری سەرکوتکردنی خود بەوەی ئیدی بوونی ئەو بوونێکی سەرکوتکراو نیە.

ئەگەر لە عەشقدا دوو ئاراستە یەکتری تەواو بکەن، ئەوانیش ناو بەرین بە (خۆشەویستی لەیەك نیگا وە) و(زەمەنی بەختەوەری) ئەوا خود کاتێ زوو لەپرۆسەی عەشقدا تووشی شکست دێت پەیوەندیی بە ئاستی یەکەمەوە هەیە، ئەو ئاستە ئەگەرچی پەیوەندیی بە تەواویی کۆمەڵگاکانەوە هەبێت، بەڵام لەکۆمەڵگای کوردیدا کاتێ گەنج لەو ئاستە سەیری عەشق دەکات، بەرلەوەی عەشق لەناویدا سەرهەڵبدات سەرسامبوون و یۆتۆپیا دەست پێ دەکەن.

بەو مانایەی سەرسامبوون بەکەسی بەرامبەر بە عەشق ناو دەبات، یۆتۆپیاکانی ژیانیشی لەسەر ئەو عەشقە بنیات دەنێت، کاتێ سەرسامبوون بەتاڵ دەبێتەوە، بەتایبەت لەو عەشقانەی کە پەیوەندیی هاوسەریی لێ درووست دەبێت، هەردوولا کۆمەڵێك بیانوو دەدۆزنەوە و قسە لەمردنی عەشقەکەیان دەکەن، نەوەك لەسەر بەتاڵ بوونەوی سەرسامبوون بوەستن، چونکە تێرکردنی غەریزە لەڕووی سێکس و مومارەسەکردنی ئازادیی لەڕووی پەیوەندیەکی نوێی خێزانی کە ژیانی ژن و مێردایەتیە هەم هێنانەوەی مانای نوێ و جیاواز بۆ پەیوەندیی هاوسەری، دەبینین هەمان وێنەی ڕابردوو بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێننەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو چەندە بەر لەو پەیوەندیە مومارەسەی عەشقی نەکردووە، هێندەی لەڕێگەی سەرسامبوون بە

بەرامبەر یۆتۆپیای ماڵی لای خۆی درووست کردووە، چونکە ئەو عەشقە لەدەرەوەی جوانی ڕووخسارەوە بۆ مانایەکی تری جوانی نەگەڕاوە، نەیتوانیوە نهێنیە شاراوەکانی جوانی ئاشکرا بکات، ئایا تاچەند عەشقی بۆ ئەو کەسە تەنیا لەڕووی جوانی ڕووخسارەوە نیە؟ هەموو ئەمانە لەلایەك، لەلایەکی تریش بەر لەوەی لەڕووی غەریزەوە هەڵچونەکانی کۆتایی بێت ماناکانی عەشق دەدۆڕێنێت، ئەو کاتەی ملکەچی ئەو دەنگەی ناو کۆمەڵگا دەبێت بۆ گوتاری نێرایەتی، نێرایەتی پرۆسەیەکە وەزیفەی ئیرۆسی لەعاشق وەردەگرێتەوەو دەیکات بە جەللاد لەناو کارەکتەری (مێرد) دا، عاشق بیری دەچێت بۆ ئەوەی عەشق بە زیندوویی و نەمری بمێنێتەوە، دەبێ ئەو ملکەچی پەیوەندیی خۆشەویستی بێت، نەوەکو ملکەچی ئەو دەنگە تەقلیدیەی ناو کۆمەڵگا بێت بۆ خێزان، ملکەچکردن بۆ ئەو دەنگە مانای بە ئاگا هێنانەوەیەکە ئەو ڕۆژێك عاشق نەبووە، هێندەی گەڕاوە بەدوای وێنەی باوك لەناو خۆیدا، بۆیە ئاستی یەکەم لەعەشقدا ئاستێکی سەرکوتکردنەوەی ئارەزووە لە پاڵ خەونی ڕزگار بوون بەرهەم هێنەرین، ئاستێکە خەون تیایدا چەندە پڕە لە یۆتۆپیا، بەڵام دواجار تەسلیمی دەسەڵاتی کۆمەڵگا دەبێتەوە.

ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین ئاخۆ یەکەم نیگا مافی ئەوەی نیە بمانکات بە عاشق؟ بۆئەوەی بە هەڵە لەبابەتەکە نەگەین، پێویستمان بەوەستانە لەسەر عەشقی یەکەم نیگا، ئەم عەشقە ساتەوەختێکە خود هەست دەکات ئەوەی مەبەستی بوو دۆزیەوە، ئەو دۆزینەوەیەش هەستکردنە بەو کەلێنە رۆحیەی کە لەناو ئەودا بۆشاییەکی گەورەی هەیە و دەکرێ ئەو کەسە پڕی بکاتەوە، بەڵام هێندە بەس نیە تا نەزانێ بەرامبەر هەستی چۆنە بۆ ئەو، ئەوکاتەی هەمان هەست لە کەسی بەرامبەریش هەبوو دەکرێت ئەو ساتەوەختە عەشق بمانباتە سەر ئاراستەی دووەم (زەمەنی بەختەوەری)

بەڵام هەرچی عەشقی یەکەم نیگایە، پرۆسەی عاشقبوون تیایدا ملکەچی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەبێت، بەوەی چەندە ئەو عەشقە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە رۆحیەکانی خودە، بەهەمان شێوە گەر دید و تێڕوانینەکانی ئەو دوانە نەگەن بەیەك لەبری پڕکردنەوەی کەلێن ئەوا بۆشاییەکی گەورە لەپەیوەندیی نێوان ئەو دوو عاشقە درووست دەبێت.

پڕنەکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەبێتە لەدایکبوونی گوتارێکی نوێ لەژیانی هاوسەری ئەویش (مەرگی عەشقە) ئەو گوتارە بەهۆی لێك تێنەگەیشتنی دوانەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆرجار بووە بە گوتاری باو لەعەشقی کوردیی بەوەی ژیانی هاوسەری عەشق دەکوژێت، هۆکارەکەی ئەو ژیانە نیە، بەڵکو ئەو کەلێنە گەورەیەی تێنەگەیشتنی فکری نێوان ئەو دوو کەسەیە، بۆیە ئەوە یەکەم نیگا نیە نایەڵێ ببین بەعاشقی ڕاستەقینە، بەڵکو گۆڕینی ئەو تێگەیشتنە رۆحییە بۆ ئارەزووی سەرکوتکراو، دوورە پەرێزی ڕەگەزیە، شەیدابوونە بە جەستەی بەرامبەر، سەرسامبوونە بە جوانی ڕووخسار، ڕاستە هەموو ئەمانە دەبنە هۆکار بۆ عەشق، بەڵام ناکرێ تەنها لەو هۆکارانەوە سەیری عەشق بکەین، بەوەی شەیدابوون بە جەستە ناو بەرین بە عەشق.

ئەگەرچی شەیدابوون وەك ووتمان بەشێك بێت لەعەشق، بەڵام دەبێ عەشق لە ئاستی فراوانترەوە سەیر بکەین، ئەو ئاستە پەیوەندیی بە چیەوە هەیە؟ تێگەیشتن لەو پرسیارە بەندە بە تێگەیشتن

لە ئاستی دووەمی عەشق (زەمەنی بەختەوەری) کەتیایدا دوانەی عاشق توانای بنیاتنانی هەستی زیندەگیان هەیە، دەتوانن ڕۆحی خەون لە خەیاڵەوە بگوازنەوە بۆ ماڵ، ماڵ بەو مانایەی کە پانتاییەکە بۆ مومارەسەکردنی خۆشەویستی، نەوەك بەمانای سەر کوتکردنی خەون "وەك ئەوەی لە ماڵی کوردیدا بۆتە نەریت" بەڵکو خەون تیایدا ببێتە میکانیزمی ژیان، لەوکاتەدا خودی عاشق دەتوانێ لەڕێگەی عەشقەوە هەوڵی بنیاتنان و نوسینەوەی خۆی بدات، نوسینەوە بەو مانایەی کە کارەکتەرێکی جیاواز لەوەی کۆمەڵگا خوازیاریەتیبەرهەمی بێنێت.

نوسینەوەی ئەو کارەکتەرە بەمانای دۆزینەوەی ڕووبەرێکی ئاشکرا نەکراو کە دۆستە، دۆزینەوە بۆ خود دەبێت توانای ئەوەی لەناو درووست بکات کە بیگۆڕێت بۆ کارەکتەرێکی تر کە جیاواز بێت لە خودێکی نا عاشق.

عاشق دەبێت لەناو فانتازیای عەشقەوە سەیری جیهان بکات، پرسیارەکانیشی پرسیاری خودێکی عاشق بێت، نەك تەنیا بۆ گەیشتن بە دۆست، بەڵکو خەونی کۆمەڵگایەکی ئیرۆسی هەبێت، کۆمەڵگایەکی لەم چەشنە کە عەشق نەکوژێت پەیوەستە بەچەمکی ئازادیەوە، چونکە عەشق بەبێ ئازادی توانای زیندەگی نییە، لێرەدا لەبەرامبەر چەمکی ئازادی بەتەنیا مەبەستمان ئەو هێزە باڵا دەستە تورەیەی ناو کۆمەڵگا نیە کە لەبرامبەر عەشقدا تواناکانی زەبروزەنگی هێز بەکار دێنێت، بەڵکو عەشق بەرلەوەی ئەوان هەڕەشەبن لەسەری، عاشق خۆی بەشدارە لەکوشتنی، ئەو کاتەی لەڕێگەی مۆبایلەوە وێنەی نهێنیەکانی عەشق دەگرێت و دواتر بەناو هاوڕێکانی بڵاوی دەکاتەوە و لەوانیشەوە وەك وێنەی ڕووت خەڵکی تر دەیخەنە ناو مۆبایلەکانیان، بۆیە عەشق چەندە لەوێوە سەیری ئازادی دەکات کە بەخشینی ئازادیە بۆ خۆشەویستەکەت سەت هێندەش پاراستنی ئازادیی و نهێنیەکانیەتی، نەك ئاشکراکردنی.

ئێستە دێینە سەر تەوەرێکی تری ئەو باسە ئەویش پەیوەندیی حیکایەتە، حیکایەتی تازەگەری ئەویش لەڕێگەی قسەکردن لەپەیوەندیی نێوان شار و تازەگەری.

(3)

بۆ ئەوەی لە پەیوەندیی نێوان حیکایەت و شار تێبگەین، پێویستمان بەو زەمینە کلتورییە کە بەرهەمهێنەری حیکایەتە، ڕەخنەگرتن لە کلتوری حیکایەت یەکێکە لەو پرۆسە نا ئامادەیانەی نێو گوتاری ڕوناکبیریمان، بۆیە پێویستە ئەوە بەهەند وەربگرین کە ئێمە خاوەن دیدگایەکی ڕەخنەیی نین تاوەکو پرسیار لە حیکایەت بکەین، پرسیار لەو هۆکارەی لەپشت حیکایەت ئامادەییێکی سەیری هەیە، چونکە بوونی ئەو دیدە ڕەخنەییە نەك تەنیا دەبێتە هۆیەك بۆ ڕەخنەگرتن لە حیکایەت، بەڵکو وەك پرۆسەیەکی ڕەخنەیی هەڵدەستێت بە هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری دەق، کاتێك سێنتەری حیکایەت هەڵوەشێنرایەوە، مانای هەڵوەشاندنەوەی زەمەنی پاڵەوان نیە، بەڵکو جیاکردنەوەی پاڵەوانی نێو حیکایەتە لەکارەکتەرێکی ئەفسانەیی، ئەفسانە بەهەموو ئەو پەیوەندیی و ڕووداو ڕەفتارانەی کە حیکایەت پێی دەبەخشێت، پێویستە پرسیار لەو بێدەنگیە بکەین، لەو ئاگاییەی نێو حیکایەت کە بۆچی حیکایەت ئامادەییەکی بێ وێنەی دەبێت لەناو ئاستی گێڕانەوەی ئێمەدا؟ ئەو هەستە چیە وامان لێ دەکات هەموو تواناو هێزی ڕەوانبێژی خۆمان بۆ حیکایەت بخەینە کار؟ ئایا حیکایەت گێڕانەوەیەکە بۆ شێواندنی سیما ڕاستەقینەکان، یاخود هەوڵێکە بۆ ئارایشتکردنی سیماکان؟

ئەگەر جیاوازیەك هەبێت لەنێوان ئاستی زەمەنی حیکایەت، ئەوا ئێمە لەواقیعی کوردیدا خاوەنی دوو جۆر حیکایەتین، دوو حیکایەتی بارگاوی کراو بە دەلالەتی ئەخلاقی، ئەوانیش(حیکایەتی شاخ) و (حیکایەتی شار)، بە مانایەکی تر دەتوانین وا ناوی بەرین، کە حیکایەتی بەر لە تازگەری و حیکایەتی تازەگەرییمان هەیە.

لە یەکەمیان شاخ دەبێت بە سێنتەری حیکایەت، چونکە وێنەی مەردایەتی و سیفاتی پاڵەوان لەخۆی کۆدەکاتەوە، هەموو حیکایەتەکان لە شاخدان، بۆ ئەوەی ببێتە کارەکتەرێکی نێو ئەو حیکایەتە، دەبێت بچێتە شاخ، چونکە لەشاردا حیکایەت دەست ناکەوێت، بەڵکو بۆ ئەوەی شوناسی پاڵەوان وە دەست بێنیت، دەبێت لەشاخدا بوونت هەبێت، شاربوون توانای یەك وەزیفە بەخشینی هەیە، ئەویش وەزیفەی بێدەسەڵاتەکانە، وەزیفەی حیکایەتخوانێکی بێدەسەلات، حیکایەتخوانێك کە لە گێڕانەوەدا حیکایەتی شاخمان بۆ بگێڕێتەوە، لێرەوە شاخ لەوە دەردەچێت بەتەنیا شوێنێك بێت بۆ بەگژ داچوونەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لەدژی دەوڵەت، بەڵکو شاخ بارگاوی دەکرێت بە ئەفسانە، پاڵەوان لەوێدا تەنیا پێشمەرگەیەکی ئازا نیە، بەڵکو پێشمەرگەیەکە لەناو گێڕانەوەکاندا وزەیەکی ئەدەبی گەورەی بۆ تەرخان دەکرێت، گێڕانەوەکان لە ئاستی پێشمەرگەیەکی شاخەوە دەیبەنە ئاستی پاڵەوانێکی ئەفسانەیی.

کاتێ ئەو پاڵەوانە دێتە ناو شار، بەواتای کۆی فانتازیاکانی گێڕانەوە شاخ تەلاق دەدات، ئەوە حیکایەت نیە دەمرێت، بەڵکو حیکایەت چیدیی پێویستی بەوە نیە شاخ بکاتە سیمبول و بونیادێکی نێو ئەو سێنتەرە، چونکە پاڵەوانی حیکایەت ئەو شۆڕە سوارەی لەشەوی تاریك و باو بۆراندا دەچێتە سەر لانەی دێو، پاڵەوانێکە ئیدیی هێرش دەکاتە سەر شار و دێوەکە دەردەکات، بەدوای ئەوەی پاڵەوان دێتە ناو ژیانمانەوە، هەموو حیکایەتەکانی پاڵەوان دەبنە چیرۆکی ئەرشیفکراو، چیدی ئەو بارگاوی ناکرێت بە ئەفسانەو وەك سیمبول تەماشا ناکرێت، ئەوە کەم کردنەوە نیە لە ڕۆڵی پاڵەوان، بەڵکو ئەو کارەکتەرە بەپێی ئەخلاقی شار سەیر دەکرێت، شاخ ئەخلاقی خۆی هەیە، بەر لەوەی بۆ پرسیارە سەرەکیەکەمان بگەڕێینەوە، ئەوەی بە پێویست بزانرێت جارێ قسەکردنە لەسەر جۆری حیکایەتی دووەم (حیکایەتی شار)

وتمان شار وەك شاخ خاوەنی ئەخلاقی تایبەت بە خۆیەتی، شار پاڵەوان نە وەك شۆڕە سوار سەیر دەکات، وە نە وەك خاوەنی هێزی سیاسی و کۆمەلایەتی دەیبینێت، مەبەستمان لەو دوو هێزە"حزب و بنەماڵەو خێڵە"

شار نەپێویستی بە پاڵپشتی حزبە بۆ کارەکتەری حیکایەت و نە پێویستی بە عەشیرەت و خێڵە، بەڵکو ڕێك بە پێچەوانەوە، شار چەمکی فەرد دەهێنێتە بوون، ئەو چەمکە تایبەتە بە ئەخلاقیەتی شار، ئەخلاقێك دواجار لەبەر ئەوەی نەیتوانیووە دەسبەرداری عەقڵیەتی حیکایەت بێت، ئەوا حیکایەت بەرهەم دەهێنێتەوە، بەڵام حیکایەتی شار، حیکایەتێکە نۆرمی جیاواز گێڕانەوە بەڕێوە دەبات، ئەو نۆرمە جیاوازە کار ناکاتە سەر ئەو وزە ئەدەبی و فانتازیە، چونکە فانتازیای گێڕانەوە لە حیکایەتی شاخیش هەر بەرهەمی شار بوو، حیکایەت گێڕەرەوەکان شاری بوون، شارە خولقێنەری حیکایەتی شاخ، بۆیە شار ئەمجارەش سنورێکی بێ مەودا بە حیکایەت دەبەخشێت، بەلام حیکایەتی شار چییە؟ لەکوێ دەست پێدەکات و بەرەو چ ئاراستەیەك دەڕوات؟ ئایا ئەو گوتارە حیکایەتێکی سیاسی بەڕێوەی دەبات؟ یان ئیدی پێویستی بەو گوتارە نییە و شار بۆ حیکایەت پشت بەگوتاری کۆمەلایەتی دەبەستێت؟ یان تەنانەت حیکایەتی سیاسیش لەهەناوی کۆمەڵگاوە درووست دەکات؟

کاتێك لە شار دەدوێین دەبێت بەر لەهەرشتێك بنەمایەکی جەوهەری لەبیر نەکەین، کە ئێمە لەبەرهەمێکی تازەگەری دەدوێین، باواز لەوەش بێنین کە ئێمە بە پێی ئەو چەمکە خاوەنی شار نین، بەلاّم خۆ هەڵگری هەندێ خاسیەت و دامەزراوەی تازەگەریین، ئەوە سەرەڕای تێکەڵبوونی ئەو خاسیەتانە لەگەڵ وەهمەکانی تازەگەری و ئەو بانگەشە ئایدیۆلۆژیەی کە مژدەی کۆمەڵگایەکی تازەگەریمان بەگوێدا دەچرپێنێت، بۆیە سەرەڕای هەموو ئەو بانگەشە کاریانە، حیکایەتی شار.. حیکایەتی تازەگەرییە، حیکایەتێکە لەناو ئەو پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیە نوێییەی شار درووست دەبێت، حیکایەتێك گێڕەرەوەکانی تازەگەری چی ووزەی ڕەوانبێژی ئەدەبی خۆیان هەیە دەیخەنە کار، دامەزراوەکان دەبنەوە بە کەناڵێك کە حیکایەت لێی بەهرەمەند دەبێت، ئیدیی حیکایەت لەسەر زاری پیاوێکی پیر باس لە قارەمانێتی پاڵەوانێکی شاخ ناکات، نا بە پێچەوانەوە، ئەمجارە قارەمانی حیکایەت شۆڕشگێڕێك نیە لە شەوێکدا لەتۆڵەی منداڵێکی بێتاوانی نەتەوە، ئاگر بەربداتە ناو ڕەبیەیەکی چەند خۆ فرۆشێك، بەڵکو پاڵەوان ئەمجارە مەرج نیە تاکە وەزیفەیەکی دەست نیشانکراوی هەبێت، دەکرێت هەریەك لە (خوێندکار، فەرمانبەر، پزیشك، پارێزەر، ڕۆژنامەنووس، زەرەنگەر) ببن بە پاڵەوانی حیکایەت، چونکە حیکایەتی تازەگەری.. حیکایەتی دەروونێکی نەخۆشە، دەروونی شکست خواردووی خۆی دەگۆڕێت بە حیکایەت، پەیوەندیی هاوڕێیەتی کچ و کوڕێکی فەرمانبەر پەیوەندیەکە گێڕەرەوە بەپێی ئەوەی خۆی ئارەزوو دەکات، حیکایەت دەگێڕێتەوە، سەردانی تۆ بۆ شوێنێك کە هاوڕێکەتی تێدا ببینیت، ئەو دەرفەتەی هاوڕێکەت بەتۆی دەبەخشێت و لەدەوروبەر خۆی دوورگرتووە، ئەو خۆ بەدوور گرتنە بەجۆرێك لە کەسێتی هاوڕێکەت سەیر ناکرێت، بەڵکو پەیوەندیی هاوڕێکەت بە تۆ دەکرێت بە بابەتی حیکایەت.

حیکایەت گێڕەرەوەکان لەبەردەم زۆبایەکی داردا حیکایەتەکەیان ناگێڕنەوە، ئەوان حیکایەتخوانی تازەگەریین، هەوڵ دەدەن لە ڕێگای بەرهەمەکانی تازەگەرییەوە حیکایەت بگێڕنەوە، هەربۆیە گێڕانەوە هەموو توانا فانتازیەکانی قسەکردن لە ڕێگەی مۆبایل و ئیمێڵ بەکار دەهێنێت.

ئەگەر حیکایەت گێڕەرەوە پێویستی بە خۆ ئامادەکردنێکی دەروونی هەبێت بۆ گێڕانەوە، کاتێك گوێگر سەیری ڕووخسارو هەستەکانی دەکات، بەلاّم لەناو بەرهەمەکانی تازەگەرییدا ئێمە گێڕەرەوە نابینین، تەنیا دەنگی دەبیستین، یان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر تەنیا نامە ئەلیکترۆنیەکەی دەخوێنینەوە، یا لە مۆبایلەکەیەوە وێنەوی حیکایەتی خۆی دەبینین لەویشەوە بۆ هەموو شار.

حیکایەت لەنواندنی کەسێکەوە دەپەڕێتەوە بۆ ئاماژەیەکی دەنگ، یاخود نامەیەکی ڕەوانبێژیی، کەلە ڕێگای ڕەوانبێژی نووسین پێمان دەگات، لێرەوە بڕواکردن بە حیکایەت پەیوەندیی بە فانتازیای گێڕانەوە هەیە، کە تا چەند گێڕەرەوە دەتوانێت شێوازی گەمەکردن لە ڕەوانبێژی زمان بگرێتەبەر.

ئەو حیکایەتە پەیوەندیی بە شکست و ئیفلیجی پەیوەندیی خێزانەوە هەیە، کە گێڕەرەوە لەناویدا گەورە بووە، خێزان کاتێك هەموو ئارەزووەکانی سەرکوت دەکات و نایەڵێت هەست بکات ئەو خاوەن کەسێتیەکی سەربەخۆی خۆیەتی و پەیوەندیی بە دەرەوەی ماڵ هەبێت، گرێی حیکایەت لەناویدا گەورە دەبێت، گرێیەك چەندە دەیەوێت سیماکانی دەوروبەر بشێوێنێت، هێندەش زۆر جار خۆی دەکات بە پاڵەوانێکی نێو حیکایەت، حیکایەتێك تەنیا لەناو خەیاڵی ئەودا بوونی هەیە، وەك چۆن کاتێ پەیوەندیی دوو هاوڕێ بە حیکایەتێکی فانتازی بەرز دەکاتەوە، لە ڕاستیدا ئەوە بەرهەمی عەقڵی ناتەواوی ئەوە وێنای ئەو پەیوەندیە دەکات، کاتێك بشمانەوێت کۆتایی بە حیکایەت بێت، بێدەنگبوون توانای ئەوەی نیە گرفت و ئاسۆکانی حیکایەت بخاتە ڕوو،

بەڵکو تەنیا دیدێکی ڕەخنەیی دەتوانێت وەك تاکە میکانیزم گومان لە ڕاستی حیکایەتەکان بکات، گومانکردنیش لە حیکایەت، گومانکردنە لە حیکایەتەکانی تازەگەری، بۆیە ئەو دۆخەی لە ئێستادا تێیدا دەژین دۆخی مەرگی حیکایەتەکانە، نەك تەنها حیکایەتی ناشیرین کردنی ئەویتر، بەڵکو دۆخی مەرگی حیکایەتە گەورەکانیشە، بۆیە پێویستە بپرسین، کاتێك لە بەردەمی مەرگی حیکایەتەگەورەکاندا بژیین، ئایا حیکایەتەکانی مرۆڤ شایەنی گوێ لێگرتنە؟

(4)

بەدوای تێگەیشتن لەهەر یەك لەو چەمکانەی پێشوو بە پێی ماناکانی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، دەتوانین هەڵوەستە لەسەر دیاردەکە وەك خۆی بکەین، ئەوەی وێنەی دۆستەکەی دەگرێت و بلاّوی دەکاتەوە کێیە؟ عاشقێکە و دەیەوێ هەموو جیهان حیکایەتی عەشقی بزانێت؟ پرسیاری دەمامکداریی لەو شێوەیە ڕێگای ئەوەمان نادات بڕوای پێ بکەین، چونکە پرسیارێکە لەجەوهەردا لەدەرەوەی ماناکانی عەشقەوەیە، ئەوەی ئەو پێشی هەڵساوە ستراتیژێکی تری لەپشتە نیازخراپی ئەو خودە شەڕانگێزە دەردەخات، ئەو تەنیا خودێکی نەخۆش نیە کە چێژ لە وێنەی سێکسکردنی خۆی وەربگرێت، کە ئەوەیان لە ڕوویەکدا ڕاستە، بەوەی ئەو خودە خودێکی نەرسیسیە، بەو مانایەی کە وەك نەرسیس کاتێ وێنەی خۆی لە ئاوەکە دەبینێت عاشقی وێنەی خۆی دەبێت، بەلاّم ئەو خودەی ئێمە لەسەری دەوەستین عاشقی خۆی نابێت لەبەر جوانی جەستە، بەڵکو عاشقی نێرایەتی خۆیەتی بەو مانا خێڵەکیەی خێڵ بۆ پیاوەتی وێنەی کێشاوە، چونکە بلاّوکردنەوەی وێنەی سێکس کردنی بەمانای بلاّوکردنەوەی وێنەی پیاوەتیە، ئاماژەیەکە پێمان دەڵێت"دیوتانە من چ نێرانە سێکس دەکەم، گرنگ نیە ئابرووی دۆستەکەمیش دەچێت" لە ڕەهەندی سیمیۆلۆژیەوە هەڵێنجانی ئەو ئاماژەیە لەناو وێنە دەمانباتە سەر ئەو دەرەنجامەی کە دەبێت شوناسی عاشقبوون لەو کارەکترە نەخۆشە وەربگرینەوە، بەلاّم گەر دیسان بچینەوە سەر تەئویل کردنەوەی ئاماژە، ناتوانین بەو تاکە دێرە وازبێنین، بەڵکو دەبێت دوو گریمانەی تری خوێندنەوە بەهەند وەربگرین، یەکەمیان بەدوای ئەو وێنە نەرسیسیەی ئاماژەمان بۆ کرد، پەیوەندیی هەیە بە ڕاکێشانی هەر کاتەی دۆستەکەی وەك بەڵگەیەك بۆ ئەوەی هەموو ژیانی بەخۆیەوە ببەستێتەوە، هەر کاتێك ویستی ئەم کارەی لەگەڵدا دووبارە بکاتەوە، دیارە ئەوەش پەیوەندیی بەو کولتورە خێڵەکیەوە هەیە، کە بەدرێژایی عەشقی کوردیی بە وێنە و فۆڕمی جیاواز خۆی دووبارە کردۆتەوە، هەڕەشەکردن بە ئاگادارکردنەوەی ماڵە باوان دەرخستنی وێنە و نامەی یار، لەئەمڕۆدا بە وێنەی فۆتۆ و ڤیدیۆیی ناو مۆبایل کە زۆر مەترسیدارترە، چونکە ئەو وێنانە دەکەونە دەستی چەندین کەسی تریش تا دواتر لەبازاردا هەموو کەسێك دەتوانێت بیخاتە ناو مۆبایلەکەیەوە.

گریمانی دووەم جیاواز نیە لەوەی پێشوو، بەمانای ئەویش هەر لەناو هەمان عەقڵیەت لەدایکبووە، بەلاّم هەڵگری تراژیدیایەکی مەترسیدارترە، چونکە ئەو کەسەی بەو کارە هەڵدەستێت مەبەستیەتی تۆڵەی خۆی لەکەسێك بکاتەوە لە ڕێگەی شکاندنی (شەرەفی خێزان) ئەو تۆڵەکردنەوەیە بەرەنجامی شەڕی بنەماڵە و خێڵەکانە، کاتێ پەلاماری کچی خێڵەکەی تر

دەدەن.. یان بۆ خۆیان دەیبەن وەك ئامازەیەك بۆ شكاندنی ئابرووی خێڵی بەرامبەر، تۆڵەكردنەوەی بەرامبەریش لەڕێگەی كوشتن و ژن هەڵگرتنەوە كۆتایی دێت.

ئەوەش مانای وایە ئەوەی لەو دیاردە ترسناكە پەیوەندیی بە تازەگەرییەوە هەیە، ئەوە ئینتیماكردنی كۆمەڵگای كوردیی نیە بۆ كۆمەڵگایەكی تازەگەر، بەڵكو خێڵەكایەتی بوونی كوردیی زیاتر دەسەپێنێت، ئەوەی پەیوەندیی بە تازەگەرییەوە هەیە تەنیا (شار) و (مۆبایل) ە، وەك دوو بەر هەم و دیاردەی ناو تازەگەری، هەر جۆرە تەفسیرێك ئەو دیاردانە ناو بەرێت بە هەڕەشەی تازەگەری لە كۆمەڵگادا، لەڕاستیدا تەفسیرێكی هەڵە و پڕە لەناتەواویی، چونكە ئەوە هەڕەشەی عەقڵیەتی دواكەوتووی خێڵە دەیەوێت لەڕێگەی كولتورەكەی خۆیەوە كە خاڵی نیە لەزەبرو زەنگ شەڕی خۆی بە میكانیزمەكانی تازەگەری بكات، دەنا لە ڕاستیدا ئێمە كۆمەڵگایەكین دژی تازەگەرین.